# ئیبن المستوفی ناشادە

یونس حمد رشید

توراسی هەر میللەتێک بریتیە لەو بناغە مێژووییەی، کە هەر کۆمەڵگەیەک لە سەری دروست بووە، توراس ناسنامەی گەلانە و بەشێکە لە نەریت و بەهاکان، بۆیە پاراستن و خزمەتکردنیان، ئەرکێکی ئەخلاقی پیرۆز و نیشتیمانیە.

بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم، شوێنەنەوارە مێژووییەکان بە گرنگترین بەشی توراس دادەنرێن، ئەویش بە هۆی مانەوایان لە زەمانێکی زۆر کۆنەوە و بینینیان ڕۆژانە لە لایەن هەزاران کەس، دەبنە هۆکاری سەرنجراکێشانی هەموو لایەک.

ئامانجی ئەم بابەتەم قەڵاتی، هەولێرە، کە ئەویش چەندین جار زۆر بە ناپرۆفیشنالی و بە زانین و بە نەزانین، گۆڕانکاری بەسەرکراوە، لەوانە بۆ نمونە، دروستکردنی

دەروازەی سەرەکی قەڵات، کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس، بە تیرازێکی سەردەمی عەبباسییەکان بنیات نراوەو لەگەڵ سیمای قەڵاتدا، زۆر جیاوازە و شێواندویەتی، هەروەها جارێکی تریش لە سەردەمی دەسەڵاتی کوردی شێواوە، ئەویش مەبەستم دانانی پەیکەری ئیبن المستوفیە، لە پێش دەروازەی قەڵات، بە پێچەوانەی حالەتی یەکەم کە ڕژێمی بەعس بە ئەنقەست بۆ تەعریبکردنی قەڵات هەوڵی دابو، ئەمجارەیان مەبەست لە دانانی ئەم پەیکەرە، بێگومان وەک ڕێزلێنانێک بوە لە کەسایەتی ئیبن المستوفی.

بەڵام ئەم جارەیان وا پێدەچێت بە هۆی کەمی شارەزایی و نەبوونی پسپۆری تایبەت لەم بوارەدا، بۆتە هۆی دانانی ئەم پەیکەرە لەو شوێنە ناشیاوە. قەڵاتی هەولێر وەک یەکێک لە کۆنترین شوێنەوارەکانی کوردستان و جیهان، خۆی لە خۆیدا بە یەکەیەکی تاک و سەربەخۆ ئەژماردەکرێت و هەموو پارچە و دیوار و خۆڵێکی بە شوێنەوار حسابە تەنانەت بچوکترین دەستکاریشی، کارێکی ئاڵۆزە و دەبێت بە شێوەیەکی گەلەک هەستیار مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و مەبەستیش تەنها بۆ پاراستنی سیما کۆنەکەی

بێت، یان بۆ پاراستنی بێت لە فاکتەری سروشتی وەک با و باران.

دانانی ئەم پەیکەرە لەوێدا تێکەڵاوکردنی دوو چەرخی زۆر جیاوازە لە مێژووی دێرینی شاری

هەولێر. لەهەمان کاتیشدا نکۆڵی لەوە ناکرێت کە کەسایەتیەکی مەزنی وەک ئیبن المستوفی، کە خزمەتێکی گەورەی شاری هەولێری کردووە شایەنی هەموو ڕێزلێنانێکە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێک و گونجاو.

وەک بەراوردێک دەکرێت بڵێین دانانی ئەم پەیکەرە لە سەر قەڵاتدا، وەک ئەوەیە کە وڵاتی میسر پەیکەری سەعدزەغلول لەسەر هەرەمی خۆفۆ دابنێت، کە ئەمەش شتێکی مەحالە و بە بیری هیچ کەسێکدا ناچێت، بۆیە هیوادارم لە ئایندەشدا هەر کارێک پەیوەندی هەبێت بە شوێنەوارەکان دەبێت بەوپەڕی بەرپرسیاریەتیەوە ئامادەکاری بۆ بکرێت و پەیوەندیەکی تۆکمە هەبێت لە نێوان دەزگاکانی شار، بەشوێنەوار و شارەوانی و پارێزگا.

ئومێدەوارم ئەم پەیامەم بگاتە کاربەدەستانی پێتەخت بە شارەوانی و پارێزگا، بەڵکو خەمێکیان لەم مەسەلەیە دەخوارد و پەیکەرەکەیان دەگواستەوە شوێنێکی شیاوتر.

پێشنیاریشم بۆیان، ئەوەیە پەیکەرەکە لە قەڵاتەوە ببرێت بۆ (فلکەی بەتەمای خوای) کە ئەم شوێنە بەتەواوی دەکەوێتە نێوان منارەی چۆلی و مەزاری سولتان موزەففەر کە لە سەردەمی ئەو بوون و بەڵکو ناوی فولکەکەش دەگۆڕێت بۆ فولکەی ئیبن المستوفی.